# هۆبزباوم

## مارکسیستێک مێژووی سەردەم دەنووسێتەوە



فایز سەباغ

لە عەرەبییەوە: ڕۆزا سەعید

کۆدەنگییەك هەیە لە نێو ئەکادیمیی هاوچەرخ لە سەر ئەوەی، کە ئەریك جۆن بلێر هۆبزباوم (1917 - 2012) یەکێکە لە بەناوبانگترین مێژوونووسە هاوچەرخەکانی بەریتانیا و ئەورووپا، بگرە لێکۆڵەرە چەپەکان پێیان وایە، کە دیارترین مێژوونووسە لە سەرتاسەری جیهاندا. هەندێکی تریش پێیان وایە، کە پێویستە لە تەنیشت مێژوونووسی فەرەنسی فرنان بروديل (1902-1985)ەوە دابنرێت. ئەکادیمییە هاوچەرخەکان پێیان وایە، کە هۆبزباوم لە رووی زانستی و بابەتییەوە لە چەند رەهەندێکەوە لە مێژوو دەکۆڵێتەوە لە کاتێکدا، کە کۆمەڵی دووەم پێیان وایە کە هۆبزباوم لە چەند روویەکەی ترەوە جیاوازیی هەیە لە مێژوونووسەکانی تر بەو پێیەی، کە دیدێکی مارکسیی هەبوە لە شیکردنەوەی دیاردە مێژووییەکان و پابەند بوە بە هەڵکردن لەگەڵ ژیانی هاوچەرخ لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، تا سەرەتاکانی نیوەی دووەم لە سەدەی بیستویەکەم و بەردەوام بوە، تەنانەت لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا لە سەر دەربڕینی بیربۆچەنە بوێرەکانی لە سەر رووداوەکانی سەردەمەکەی خۆی لەوانە بەهاری عەرەبی. لەگەڵ ئەوەیشدا کە هۆبزباوم کەسێکی کۆمۆنیست بوو، بەڵام وەك کۆمۆنیست لەو کاتەدا نەینووسیوە. وەك کەسێکی ئەکادیمی مارکسی بوە، بەڵام نووسینەکانی جیاواز بوە لەو نووسینە چەپانەی، کە ئەو کاتە باو بوون. ئەو وەك ئەو مارکسییانە نەبوە کە بۆ بەڵگەهێنانەوە بۆ دیاردەیەکی مێژوویی دەقی ئایدیۆلۆجی بهێننەوە، بەڵکوو هۆبزباوم چەمکە مارکسییەکانی لە چوارچێوەیەکی تیۆری دا زۆر زیرەکانە بە کار دەهێنا، ئەمەیش کاریگەرییەکی قوڵی لە سەر خوێنەر دادەنا.

### ئەسکەندەرییە، ڤییەنا، لەندەن

هۆبزباوم لە ئەسکەندەرییە لە ساڵی 1917 لە دایك بوە لە باوکێکی بەریتانی و دایکێکی نەمساوی، دوای مردنی باوکی چوە ڤییەننا بۆ ژیان لەگەڵ دایکی و بەردەوام بوو لە سەر خوێندن لە بەرلین. دواتر ناچار بوو کە بچێتە بەریتانیا لە ساڵی1933 دوای ئەوەی، کە نازیزیم و فاشیزم لە ئەڵمانیا، نەمسا، ئیتاڵیا و ناوچەگەلێکی تری ئەورووپا رووەو بەهێزبوون دەچوون. هاوسەردەمبوونی لەگەڵ دەرکەوتنی فاشیزم و شکستهێنانی لیبراڵیزم، کاریگەریی گەورەی دروست کرد لە سەر بۆچوونە سیاسییەکانی و نزیکبوونەوەی زیاتری لە مارکسیزم. هەروەها ئەم ئەزموونە کاری کردە سەر خولیای لە هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکانی دا، کە بریتی بوون لە رەگەزپەرستی و دەمارگیریی ئایینی و نەتەوەیی. لە لەندەن خوێندنی زانکۆی تەواو کرد و دکتۆرای لە مێژوو بە دەست هێنا لە «کینگز کۆلیج» لە زانکۆی کامبریدج وانەی دەوتەوە، لە زانکۆی لەندەن کۆلێجی بیرکبریك بوو بە مامۆستای مێژووی ئابووریی کۆمەڵایەتی لە ساڵی 1970 بوو بە هاوکار لە ئەکادیمیای بەریتانی لە ساڵی 1978. لە ساڵی 1998. سەرباری ئەوەی کە کۆمۆنیست بوو لە ساڵی 1936ـەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دژی داگیرکردنی هەنگاریا وەستیایەوە لە لایەن یەکێتیی سۆڤێت ساڵی 1956، پارتی کۆمۆنیستی بەریتانیای بە جێ هێشت و پەیوەندیی کرد بە پارتی کۆمۆنیستی ئیتاڵیاوە، لەو کاتەوە پارێزگاریی کردوە لە دیدە مارکسییەکەی لە لێکۆڵینەوەکانی دا. هۆبزباوم وەك سەرۆکی زانکۆی بیرکبیك - زانکۆی لەندەن کاری کرد و لە زۆر لە گەورە زانکۆکانی ئەورووپا و ئەمەریکا و ئاسیا وانەی گوتوەتەوە. نووسینەکانی بۆ زۆر لە زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕراون لەوانە (زمانی عەرەبی) ئەوەی کە کاریگەریی هۆبزباومی زیادتر کرد، زانینی چەند زمانێك بوە لەوانە: ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، ئیتاڵی و ئیسپانی. سەرباری کارە ئەکادیمی و سیاسییەکەی، ژەنیارێکی بەتواناش بوە لە مۆسیقای جازدا و لەو رووەوە لێکۆڵینەوە و نووسینی هەیە و تێیدا مۆسیقای جازی بەستوەتەوە بە بەرگری و نارەزاییەوە.



**هۆبزباوم لە ژیاننامەکەیدا دەڵێت (ئەگەر مێژوونووس نەبوایە دەبوە کۆمەڵناس) هەروەها پێی وایە، کە مێژوو، کۆمەڵناسی دوو دیوی یەك دراون و لە شیکارکردندا بە کاری دەهێنێت**

### مێژوو وەك بەستنی پێوەندی

هۆبزباوم لە پێشەکیی تەواوی کارەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەو مێژوو نە دەگێڕێتەوە و نە دووبارە دای دەڕێژێتەوە. ئەو وەك خەڵك ڕووداوەکانی نانووسێتەوە، بەڵکوو تەنها ڕوو لە خوێنەر و چاودێری ژێر دەکات و لە دیاردە سیاسییەکانی مێژوو، ڕووداوە گەورەکان دەکۆڵێتەوە، لەوانەی کە کاریگەری لە ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکات، هەروەها لە هۆکارەکان و دەرەنجامە ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆکانی دەکۆڵێتەوە، بە شێوەیەکی ڕێك پێکەوەیان گرێ دەداتەوە لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بە بێ جیاوازی بە شێوەیەك، کە دەرەنجامی کۆتاییی وێنەیەکی زیندووی ڕاستیی مرۆڤایەتیمان نیشان دەدات. هەر لەو چوارچێوە فیکرییە دیالێکتیکەیییەی کە هۆبزباوم جووڵە دەکات، یەکەمین کاری گرینگی دەنووسێت لە ساڵی 1959 لە ژێر ناونیشانی «یاخییە سەرەتاییەکان» و بە وتەیەك دەست پێ دەکات کە زۆرێك لە مێژوونووسە عەرەبە نوێگەرەکان زۆر پێویستیان پێیەتی بۆ لێکۆڵینەوەکردن لە ڕابردوو و ئێستا. هۆبزباوم پێی وایە، کە ئەو جووڵانەوە کۆمەڵایەتییانەی کە ڕوویان دا لە خۆرئاوای ئەورووپا و باشوورەکەی لە هەر دوو سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم، ئەوەی کە جوتیارەکانی ئەندەلووس لە ئیسپانی پێی هەڵسان، کرێکاری کانەکان لە درهامی بەریتانیا و تەنانەت مافیاکانی سقلییە، ئەمانە ڕووداوگەلێك نەبوون کە نەکرێت پێشبینی بکرێن، ئەوەندەیش بێ مانا نەبوون کە پشتگوێ و پەراوێز بخرێن، یاخود جۆرێك بن لە یاخیبوونێکی ڕووکەشانە، یاخود شکستخواردوو. هۆبزباوم پێی وایە کە ئەو جووڵانەوانە چ سەرچاوەکانیان جوتیاری و گوند بێت، یاخود لە قۆناغگەلێکی پێش شارستانیەت و پیشەسازی دا دروست بووبێتن، بەڵگەن لە سەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندی سەرکوتکردن و هەژاری. هاوارێکە بۆ تۆڵەکردنەوە لە ستەمکار و خاوەن سەروەت و سامان، خەونبینینێکی ناڕوونە بە چنگکردن و دەرهێنانی کەڵبەکان و لابردنی هەڵە و گوناهەکانیان لە دژی کەسە سادە و ئاساییەکان. خواستی ئەو جووڵانەوانە لە ناواخنی دا زۆر سادە بوە، کە بریتی بوە لەوەی کە پێویست ناکات خەڵکی لە ژیانێکی نوێی کامڵدا بژین، بەڵکوو پێویستە لە ژیانێکدا بژین کە گیانی دادپەروەری بە سەری دا زاڵ بێت، کەسەکان تێیدا بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. ئەم جووڵانەوانە لە ڕووی سروشتەوە لە جەنگی پارتیزانیی نوێ دەچن و تێکڕایان دوو ڕەگەزی سەرەکییان نییە، کە بریتین لە: نەبوونی ئایدیۆلۆجیایەکی تۆکمە کە

بتوانێت ئامانجە نزیك و دوورمەوداكان دیاری بكات، ڕێكخراوێك كە بتوانێت لایەنەكانی جووڵانەوەك لە خۆ بگرێت و بەرپرسیارێتیی ئەندامەكان دیاری بكات، سەرباری دیاریكردنی پلەی پێوەندی و شێوازەكانی كاركردنیان. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم جووڵانەوانە هەر وەك ڕێگەی لاوەكی و ئاماژەی دیار دەبینرێن لە سەر ڕەوتی كۆمەڵگەكان لە داهاتوودا، لە هەمان كاتدا ئەو پێكهێنەرە سەرەكییانەن كە دەبنە پاڵنەر بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی مێژووی مرۆڤایەتی لە داهاتوودا. لە گشت ئەوانە گرینگتر ئەوەیە، كە ئەو جووڵانەوە سەرەتاییە كۆمەڵایەتییانە سەرباری جیاوازیی نێوانیان لە دوا جاردا سەرچاوەی كاریگەر دروست دەكات بۆ گۆڕانكاریی مەزن، كە لە مێژووی نوێدا لە زنجیرەیەك وەرچەرخان و شۆڕشی یەكلاكەرەوە لە جیهاندا لەوانە شۆڕشی پیشەسازی، فەڕەنسا، ئەمەریكا و دوا جار ڕووسیا. هۆبزباوم پێی وایە كە ئەوەی ئەنتۆنیۆ گرامشی بیریاری چەپی ئیتاڵی دەیڵێت، لەمەڕ جووڵانەوە جوتیارییەكان لە باشووری ئیتاڵیا لە بیستەكانی سەدەی نۆزدەهەم بە سەر زۆرێك لە كۆمەڵگاكانی جیهانی هاوچەرخماندا پیادە دەبێت. لە دیدی ئەوەوە لە حاڵەتێكی هەمیشەیی پێگەییشتن دایە، بەڵام وەك پێكهاتەیەكی كۆمەڵایەتیی هێزێكی سانتراڵی نییە، كە بتوانێت گوزارشت لە خواستەكانی بكات.

هۆبزباوم بۆ خۆی دواتر ئەم ڕەوشەی بە كار هێنا لە لێكۆڵینەوەكانی دواتریدا بە تایبەت لەوانەی، كە تایبەت بوو بە ڕاپەڕینی جوتیاران لە باشووری خۆرهەڵاتی بەریتانیا لە ساڵی 1830 «كاپتن سوینگ 1969 و ژیان نامەی سیاسی و فیكری ژمارەیەك لە شۆڕشگێرەكانی سەدەی بیستەم (شۆرشگێرەكان: وتارگەلێكی هاوچەرخ – 1973)، لەگەڵ زنجیرەیەك لە لێكۆڵینەوە لە سەر جووڵانەوە كرێكارییەكان لە بەریتانیا و ئەورووپا.

لە سەرجەم ئەو لێكۆڵینەوە شیكارییانەی جووڵانەوە و دۆخ و ئەو هەلومەرجەی ڕێگەخۆشكەر بوون بۆ گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتییە مەزنەكان لە مێژووی نوێدا، هۆبزباوم ڕێگەیەكی نوێی دۆزییەوە لە مێژووی ئابووری و كۆمەڵایەتی دا. دواتر نزیكایەتی دروست بوو لەگەڵ نەوەیەك لە باشترین زانا كۆمەڵایەتییەكان لە شەستەكان و حەفتاكانی سەدەی ڕابردوو، بۆ پرسەكانی گۆڕانی كۆمەڵایەتی و شیكاری مێژوویی بەراورد كارانە و لە نێویشیاندا: تشارلز تیللی (1928-2008) و سیدا سكۆكبۆڵ (1947) و ئەنتۆن بلوك (1935). ئەو نووسەرانە و كەسانی تریش لە زنجیرەیەك لەو چەمكانەوە دەست پێ دەكەن، كە هۆبزباوم بنەماكانی دارشت لە لێكۆڵینەوە شیكارییەكانیدا لەوانە چەمكی (یاخیگەری كۆمەڵایەتی) یاخود ئەوەی كە بە شێوەیەكی فەرمی پێی دەگوترێت «تاوانی كۆمەڵایەتی».

ئەم دوو چەمكەیش زۆرێك لەو شێوە جیاوازانە ڕوون دەكەنەوە، كە باون لە مێژووی كۆمەڵایەتی و سیاسی لە كۆمەڵگەی جیاواز و لە سەردەمگەلێكی جیاوازدا. زۆرینەی دیاردەكانی یاخیگەری تا ئەم ماوەیەیش لە خوێندنگەكاندا وا دەناسرا، كە كۆمەڵەیەك لە جەردە، تاوانبار، پەراوێز خراو و مەشەخۆی كۆمەڵگەكان پێی هەڵدەستن. ئەم خوێندنگە نوێیە لە زانستە كۆمەڵایەتییەكاندا هات، تا ئەم جووڵانەوانە لە چوارچێوەی دیدی ئاسایی دەربكات، بیخاتە چوارچێوەی دەربڕینی نارەزایەتی لە لایەنە جیاوازەكانی كۆمەڵگەی بەدامەزراوەییكراو لە سیاقێكی مێژوویی دیاریكراودا. هەر لەو بارەیەوە هۆبزباوم لە ژیاننامەكەیدا دەڵێت (ئەگەر مێژوونووس نەبوایە دەبوە كۆمەڵناس) هەروەها پێی وایە، كە مێژوو، كۆمەڵناسی دوو دیوی یەك دراون و لە شیكاركردندا بە كاری دەهێنێت. ڕەوشی هۆبزباوم لە شیكاری سیاسیی كۆمەڵایەتیدا، پشت دەبەستێت بە بنەمایەكی ئینسكلۆپیدیایی لە سەر تەواوی لایەنەكانی ژیان لە ئەورووپا، لە ماوەی نێوان سەرەتاكانی سەدەی حەڤدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستویەكەم لە بوارەكانی ئابووری، سیاسەت، كەلتوور و هونەرەكان. ئەو پێی وایە كە ئەركی مێژوونووس بریتییە

لە (دۆزینەوەی ئەو ڕێکارانەی کە جیهان لە دۆخێکەوە دەگۆڕێتە سەر دۆخێکی تر). ئەم کارەیش تەنها بە دۆزینەوەی ڕابردوو و کۆتایی پێ نایەت، بەڵکوو لەوە تێدەپەڕێت بەرەو شیکارکردن و دواتر دۆزینەوەی پێوەندییەك بۆ بەستنەوەی بە ئێستاوە. هۆبزباوم خۆی بە دوور دەگرێت لە تەنها گێڕانەوە و کار دەکات لە سەر شیکارکردنی کۆمەڵایەتیی جووڵانەوەی مێژوو واتە (لە خوارەوە ڕوە و سەرەوە). هۆبزباوم ساڵانێکە کە توانیویەتی زنجیرەیەك لە لێکۆڵینەوەی زانستی بکات لە سەر مێژووی ژیاری ئەورووپا. لەگەڵ ئەم لێکۆڵینەوانەدا هەستا بە بڵاوکردنەوەی دەستنووسێکی کارڵ مارکس بە ناوی (پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی بەر لە سەرمایەداری) دوای ئەوەی، کە پێشەکییەکی شیکاری بۆ کرد لە سەر شێوەکانی بەرهەمهێنان بەر لە سەرمایەداری. ئەم پێشەکی و ئەو بەڵگەنامەیە، دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی مارکسی بوو شیکارکردنی کۆمۆنە سەرەتاییەکان و دەرخستنی کاریگەری لە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، هەروەها ئەم هەوڵە وەك تێپەڕاندنی مارکسیەتی یەکێتیی سۆڤێت بوو، ئەو مارکسیەتەی کە قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی وەك (کۆمۆنی سەرەتای، کۆیلایەتی، دەرەبەگایەتی و سیستەمی سەرمایەداری و دوا جار سۆسیالیزم و کۆمنیزیم) کردبوە دۆگما. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە هۆبزباوم لەو بارەوە کردی بریتی بوون لە (پیشەسازی و ئیمپڕاتۆریەت)، کە لە بارەی پیشەسازیی بەریتانیاوە نووسرابوو، (گەل و نەتەوایەتی لە ئەورووپا لە ساڵی 1780 وە تا 1990). ئەڵبەتە دیارترین و بەناوبانگترین کاری هۆبزباوم لە نێو نێوەندە فیکری و ئەکادیمییەکاندا، کە تایبەتە بە مێژووی ژیاری ئەورووپا و لە چارەکی کۆتاییی سەدەی هەژدەهەمەوە، تا سەرەتای سەدەی بیستویەکەم کە بە چوارینە ناسراوە و چوار کتێب لە خۆ دەگرێت بە ناوەکانی (سەردەمی شۆڕش–ئەورووپا 1789-1848) لە ساڵی 1962، سەردەمی سەرمایە – 1848-1875) لە ساڵی 1975 بڵاو کراوەتەوە، سەردەمی ئیمپڕاتۆری 1875-1914) لە ساڵی 1987 بڵاو کراوەتەوە. لە ساڵی 1994 هۆبزباوم ئەو زنجیرەیەی تەواو کرد بە کتێبی (سەردەمەی توندڕەوی: مێژووی کورتی سەدەی بیستەم 1914-1991) کە تایبەت بە مێژووی جیهان لە جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، تا هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤێت و ئەورووپای خۆرهەڵات و هەژموونی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا. بۆ وەرگێڕانە عەرەبییەکان هۆبزباوم پێشەکیی تایبەت و تێروتەسەلی نووسیوە، تایدا شیکاری کاریگەریی مێژووی ئەورووپا و لێکەوتەکانی دەکات لە سەر هەر دوو جیهانی عەرەب و ئیسلامی. لە کتێبی سەردەمی (توندڕەوی) وەرگێڕانە عەرەبییەکە بە شێکی نوێ دەنووسێت، لە سەر دیارترین گۆڕانکارییە جیهانییەکان لە دوای هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤێت لە ساڵی 2010. نووسینەکانی هۆبزباوم خاوەن بەهایەکی تایبەتییە لە لای لێکۆڵەر و نووسەری عەرەب لانی کەم لەبەر دوو هۆ، یەکەم: لەبەر ئەوەی نووسەر پەرۆشە لە سەر خستنەڕووی کاریگەرییەکانی شۆڕشی فەڕەنسا، شۆڕشی پیشەسازی، هێرشەکانی ناپلیۆن، ئیمپریالیزمی ئەورووپی لە سەر عەرەب و ئیسلام. دوومیش، هۆبزباوم لە پێشەکییەکاندا جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە بۆ وەرگێڕانە عەرەبییەکان نووسیویەتی و تێیدا دەڵێت (لە سەدەی حەڤدەهەمەوە و بەدرێژاییی دوو هەزار ساڵ، داگیرکەرەکان پەلاماری ئەورووپایان دەدا لە خۆرهەڵاتەوە نەوەك لە خۆرئاواوە. سەرباری ئەوەی کە ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان هەر دوو لادا هەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا گۆڕانکارییە سەرنجڕاکێشەکان لە ئەورووپا، لە کاتی سەرهەڵدانی هەر دوو شۆڕشی فەڕەنسا و پیشەسازیی ئاڕاستەی داگیرکارییەکەی پێچەوانە کردەوە. لەگەڵ پەلکێشانی ئەورووپا لە ڕووی ئابووری و سەربازییەوە، لە ناو جیهانی ئیسلامی دا بانگەشەی ڕووبەڕووبوونەوەی بێگانە دەکرا و هانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی و چاکسازی دەکرا لە ناو خۆدا...



*Eric Hobsbawm*

هۆبزباوم، شوێندەستی خۆی بە جێ هێشتوە بە سەر زانستی مێژوویی نوێدا، ڕۆڵی سەرەکیی هەبوە لە پێشخستنی ڕەوش و بەرفراوانکردنی ئاسۆکانی. هۆبزباوم ئەم کارانەی لە نێوەندگەلێکی ئەکادیمی ئەورووپی دا کردوە، کە بە شێوەیەکی گشتی پێشوازیی لەو جۆرە بیریارانە ناکات، زۆر جاریش پشتگوێ و دژایەتیشیان دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هۆبزباوم لە سەر هەر دوو ئاستی مەنهەجی و بابەتی بوونی لە نووسینەوەی مێژوو لە نێوەندە زانستییەکاندا جێگەی ڕێز بوە.

## دڵسۆزی بۆ هاوڕێیان و دژایەتیکردنی زایۆنیزم

لە بەرانبەر ئەو ڕێزەدا کە لێی گیراوە بە هۆی کارە زانستییەکانییەوە، هۆبزباوم بە هۆی بۆچوونە سیاسییەکانی دووچاری کێشە بوەتەوە، بۆ نموونە لە ڕووی ئەکادیمییەوە پلەبەرزکردنەوەکەی دوا کەوت، تا ساڵی 1970سەرباری کاری زانستی و بەردەوامبوونی لە سەر وانە وتەنەوە لە زانکۆ پێشکەوتوەکاندا بۆ زیاتر لە پەنجا ساڵ. هۆبزباوم ڕووبەڕووی ڕەخنەی جۆراوجۆر دەبوەوە، کە هیچ پێوەندیی نەبوو بە ئاستە ئەکادیمییەکەی، تەنها لەبەر هۆکاری سیاسی لێی دەگیرا لە لایەن دوو سەرچاوەوە کە بە ڕووکەش دژ بە یەکن، بەڵام دواتر لە سەر چەند ئاستێك یەك دەگرنەوە. نێوەندی یەکەم هەندێك لە نێوەندە فیکرییە ڕاست و لیبڕاڵەکان کە ڕەخنەیان لەبەر ئەوە لێ دەگرت، چونکە هەر لە لاوێتییەوە باوەڕی بە کۆمۆنیزم بوە و ئەوەی ڕەت کردبوەوە، کە دەستبەرداری کۆمۆنیزم ببێت و سەرباری ئەوەی،

کە بۆ زیاد لە چەند جارێك ڕەخنەی لە هەڵوێستەکانی یەکێتیی سۆڤێت گرتبوو. ئەو لایەنانە ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگرن، کە وەك پێویست ڕەخنەی لە تاوانەکانی ستالین نەگرتوە لە سییەکان و چلەکانی سەدەی پێشوو. بەهانەی هۆبزباومیش بۆ ئەم ڕەخنانە ئەوەیەکە ئەو جووڵانەوەیەی، کە ئەو پێوەندیی پێوە کردوە، هۆکاری سەرەکی بوە بۆ شکستپێدانی فاشیزم و نازیزم لە ئەورووپا، هەروەها دەڵێت کە ئەو ناتوانێت هەم لە سەر ئاستی تاکەکەسی، هەم لە سەر ئاستی مرۆیی پشت لە خەباتی ڕابردووی بکات، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە هاوڕێکانی قوربانیان داوە و گیانی خۆیان بەخت کردوە – هەندێك جار لە سەر دەستی هاوڕێکانیان لە پێناو پرسێکی ڕەوا و ئامانجی بەرزدا، لەبەر ئەوە ئەو ناتوانێت تەواوی ئەو بەها و قوربانییانە تووڕ بدات. کەلێنی نێوان هۆبزباوم ئەم کۆمەڵە ڕەخنەگرە زیاتر بوو، دوای هەرەسهێنانی کۆمۆنیزم لە یەکێتیی سۆڤێت و ناوەندی ئەورووپا، ڕەخنەکانی هۆبزباومیش زیاتر بوو لە هەژموون و دەسەڵاتی ئەمەریکا لە سەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی.

سەرچاوەی دوەمی ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی هۆبزباوم دەکران، لەبەر ئەو هەڵوێستە بوون بەرانبەر بە ئیسرائیل و زایۆنیزم. لە ماوەی ساڵانی دواییدا هەڵوێستی توندیی بەرانبەر بە ئیسرائیل وای کرد، کە هێرشەکانی زایۆنیزم بۆ سەری توندتر ببنەوە. لە چاوپێکەوتنێکی دووروودرێژی ڕۆژنامەی «ئۆبزێرڤەر»ە بەریتانی، کە لە مانگی ئەیلولی 2002 لەگەڵی ئەنجام دا بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە دەڵێت، کە من هیچ کات زایۆنی نەبووم، بەڵام دوای ئەوەی کە ئیسرائیل دروست بوو، جوولەکەکان تێیدا نیشتەجێ بوون، ئیتر بیرۆکەی لەناوبردنیان شتێك نییە، کە باسی لێوە بکرێت. من هیچ کات داوای ئەوەم نەکردوە، کە ئیسرائیل تێك بشکێنرێت و زەلیل بکرێت، بەڵێ من جوولەکەم بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە من زایۆنی بم، یاخود پشتیوانی لە هیچ یەك لە سیاسەتەکانی حکوومەتی ئیسرائیل بکەم، بەو پێیەی کە سیاسەتگەلێکی کارەساتبار و خراپن، ئەو سیاسەتانە دوا جار دەبێتە هۆی پاکتاوی ڕەگەزی لە خاکە داگیرکراوەکاندا. لە بەشی کۆتایی و زیادکراوی (سەردەمەی توندڕەوییەکان» هۆبزباوم شیکاری دیارترین گۆڕانکارییە جیهانییەکان دەکات، لە ماوەی بیست ساڵی دواییدا لە دوای هەرەسهێنانی بلۆکی خۆرهەڵاتەوە، ڕاستییەکان و گۆڕانکارییەکان، کە ڕۆژانە دەیبینین ئەوە دەسەلمێنن، کە بۆچوونەکانی چەندە ڕاست بوون. لە باسکردنیش لە ستراتیجیەتی ئەمەریکا لە سەردەمی ئۆباما پێ وایە « دەرفەتێکی لە دەست خۆی دا» هەروەها هۆبزباوم دەڵێت: «کاتێك کە سەیری یەکێك لە هەرە گەرمترین گۆڕەپانەکانی ململانێ نێودەوڵەتییەکانی جیهان دەکەین، ئەوا چارەسەری هەر دوو وڵات هەر وەك ئەوەی کە وێنای کراوە لە سەردەمی ئێستادا هیچ ئاسۆیەکی لێوە بدی ناکرێت بۆ فەڵەستین... گومان هەیە لەوەی کە بۆ ئێستا ئەو چارەسەرە گونجاو بێت. چارەسەر هەر چۆنێك بێت، ناکرێت هیچ ڕوو بدات ئەگەر ئەمەریکییەکان بۆچوونیان بە تەواوی نەگۆڕن و گوشار لە سەر ئیسرائیل دروست نەکەن، ئەگەر چی تا ئێستا شتێکی لەو چەشنە بە دی ناکرێت.

لە نێوان ئەو گروپە لە ڕەخنەگرەکان هۆبزباوم لە دوا ڕۆژەکانی ژیانیدا، بەردەوام لە سەر هەڵوێستە سیاسییەکانی و بەردەوام دەستەواژە بەناوبانگەکەی دەگوتەوە: ئەوەی کە لە سەرم بوو ئەنجامم دا بە بێ ئەوەی، کە پاشەکشێ، یاخود دانوستان بکەم لە سەر هیچ یەك بیرۆکەکانم.

**سەرچاوە:**

پاشکۆی (المنارات)ی ڕۆژنامەی (المدی)